# غیابی ژن
# لەبواری ڕاگەیاندندا

ڤیان مەجید فەرەج

## لەکوێ سوڵتان هەبوو وشەکان نابینرێن، هەرکاتێکیش وشەکان دەرکەوتن سوڵتان نامێنێ

-نۆڤالیس-

**ڕەنگە هەتا ئەمڕۆ گەورەترین ڕەخنەگرو قسەکەر لەهەموو دنیادا زمانی ڕاگەیاندن بووبێ و هەرواش دەبێت، بۆیە ناکرێت ئێمەی ژنان ئاوا بەئاسانی خۆمانی لێ بوێرین و وەك فاکتەرو پاڵهێزێکی گرنگی ئەم بوارە شوێن و زاتی خۆمان نەچەسپێنین، چونکە ڕاگەیاندن دەسەڵاتی چوارەمە لەهەموو سیستمێکی دیموکرات و ئازادیخوازدا.**

**کەواتە ئەکرێت ئێمەش ڕاگەیاندن بکەینە دەروازەیەکی گرنگی ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن و ئاراستەکردنی هەموو ئەو کەموکورتیانەی لەژیانی کۆمەڵگەکەمان و بەتایبەتی لەژیانی ژناندا بەدیدەکرێت و هەوڵی بەردەوامی پێگەیاندنی کادێری بەتوانای ژن لەوبوارەدا بدەین.**

**ئەگەرچی بەم دواییە ڕێژەیەکی دیاریکراو وەك نوخبە لەبواری پەیامنێری و بێژەریی ڕادیۆو تەلەفزیۆن و تاك وتەرای وێنەگرو ئامادەکاری بەرنامە، ژنان دەرکەوتوون بەڵام پێموابێت ئەمە هەرگیز لەئاستی ویست و پێویستیی خواستەکانماندا نییە، چونکە جگە لەڕۆژنامەو بەرنامەکانی ڕێکخراوەکانی ژنان دەگمەنە ئامادەکارو سەرنووسەرو جێگری سەرنووسەرو بەڕێوەبەری نووسین، خۆئەگەر هەشبن ئەوا بواری پێشکەوتنیان بۆ نەڕەخسێنراوە.**

**هەرچەندە ئێستا لەزانکۆو پەیمانگەکاندا بەشی ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن هەیەو ئومێدوایە سالانی ئایندە قەڵەمی ژن، ڕۆڵی ژن لەوبوارەدا باشتر ببینرێت، بەڵام لەئێستادا گرنگە دەروازەی دووەمی تەوەرەکەمان لەسەر کێشەی ژن لەبواری ڕاگەیاندندا بکەینەوە.**

**بۆ ئەم مەبەستەش دکتۆر موفەق دەرگەڵەیی، سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن لەزانکۆی سلێمانی بووە میوانی ئەم ژمارەیە.**

ناکرێت بڵێین لەکوردستاندا غیابی ژن هەیە لەڕۆژنامەوانی کوردیدا، بەڵکو دەبێت قسە لەسەر کەم وزۆریی ڕێژەی بەشداربوونی ئەو ڕەگەزە بکەین، ئەگەر لەمەوبەر مەکینەی بەگەڕخستنی ڕۆژنامەوانی لەووڵاتی ئێمەدا لەئەستۆی پیاودابووە، ڕەنگە هۆیەکەی بۆ هەندێك لەوخالانە بگێڕمەوە کەدەیانخەمەڕوو:-

1-ڕۆژنامەوانی وەك پیشە لەووڵاتانی سێ بەگشتی زیاتر بنەمایەکی سیاسی هەبووە لەوەی بازرگانی، واتە ئەوانە کە لەپشت دەرکردنی ڕۆژنامەو کاری ڕۆژنامەوانیی بوون حزبە سیاسییەکان بوون نەك دەزگا میدیاکان کە مەبەستمان قازانج دەستکەوتن بێت، دیارە لەسەدەی رابردوودا زۆربەی ئەوانەی کە لەبواری سیاسیدا کاریان کردووە لەڕەگەزی پیاوبوون و ڕێژەی ئەوان زیاتربووە.

2-کە باس لەڕۆژنامەوانی دەکەین، ڕۆژنامەنووسی دەکەین، زیاتر مەبەستمان ڕۆژنامەی ڕۆژانەیە کە تاکە شوێنێکە، ناوەندێکە خەڵکی بەهەردوو ڕەگەزەوە دەتوانن شوێنی خۆیان بدۆزنەوەو لەئەنجامی کارکردن و ئەزموونداببنە ڕۆژنامەوانی بەتواناو بەهرە وەکو ناوێك دەربکەون، لەکوردستانی ئێمەدا تاپێش ڕاپەڕین ئەوەندەی گۆڤار دەرچوون و بڵاوکراونەتەوەو زەروریان هەبووە، ڕۆژنامەی ڕۆژانە هەربوونی نەبووە، خەسڵەتی گۆڤارەکانیش زیاتر ئەدەبیی، ڕۆشنبیریی، هونەریی، ڕووناکبیریی گشتی بووە، بابەتەکانی زیاتر لەچوارچێوەی ئەدەبدا خولیان خواردۆتەوە، بەکورتی ئەوانەش ئەو سەکۆیە فراوان و گەورەیە نەبوون تارۆژنامەنووسی ناوداری تیادەربکەوێت، جگەلەمەش ئەوگۆڤارانە زۆربەیان مانگانە بوون یان وەرزی بوونە، لەبری هەربابەتێك کەمێك مکافئەی ماددی بەخاوەن بەرهەمەکە دراوە، بەڵام وەك وتم لەو مەڵبەندانەدا ڕۆژنامەوان دروست نابێت، گومانیشی تێدانییە کە پیاوانی کورد سەرنووسەرو دەستەی بڵاوکردنەوەی بوون، گۆڤار بەجیاوازیی لەگەڵ ڕۆژنامە، بابەت و قەبارەکەی دیاریکراوە هەریەکە لەوگۆڤارانەش پاوانی چەند سنوورێك بووە، زۆریش بەلایانەوە گرنگ نەبوە داخۆ بابەتی زۆریان پێدەگات یان نا، چونکە ئەوانە خۆیان نووسەرو خاوەن بەرهەمی خۆیان بوون کەچی لەڕۆژنامەدا پیشەی ڕۆژنامەوان ڕۆژنامەنووس دروستدەبێت، ڕۆژانە دەبێت لاپەڕەکانی پڕبکاتەوە، خێراتر هەڵسوکەوت لەگەڵ بابەتدا بکات، لەدوای ڕاپەڕیندا و لەکاتی پەیدابوونی ڕۆژنامەی ڕۆژانە یان ئەو هەفتەنامەو مانگنامانە کە بەڕێکی دەردەچن دەبینین ڕەوشەکە گۆڕانی بەسەرداهاتووە، ئەگەرچی حەزوری ژن بەڕێژە وەك هی پیاونییە بەڵام ناکرێت چاو لەوەبپۆشین کە چەندان بەبەهرە هاتوونەتە مەیدانی ڕۆژنامەنووسی بەجیاوازیی ئەوەی کە تەنها لەگەڵ ئەدەبدا خەریك بن، بەکاری ڕۆژنامەنوسیەوە سەرقاڵن.

3-دووری لەمەڵبەند هۆکارێك بووە کەژن کەمتر حەزوری هەبووە، زۆربەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەر لەڕاپەڕین لەناوەندێك بوون لە(بەغداد) بوون، کەچی لەدوای ڕاپەڕین نەك تەنها سەنتەرێك بەڵکو چەندان لەکوردستاندا پەیدابوون.

دەبینین ژنان لەکەناڵەکانی تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆڵێکی گرنگ وازیدەکەن، ئەوانە نەك هەر پێشکەشکەری بەرنامەن بەڵکو هەندێك لەبەرنامەکان خۆیان ئامادەیدەکەن و هەر خۆشیان پێشکەشی دەکەن، ڕۆژانە ئەگەر سەیری کەناڵەکانی خۆمان بکەین زۆرجار ژمارەی دەرکەوتنی ژنان وەك بێژەر زیاترە لەپیاوان، هەروەها چەندان ژنی وێنەگری تەلەفزیۆنیشمان پەیدابوون، بەڕای من ئەمە گۆڕانێکی نەوعی پوزەتیڤە دەیبینین، ئێستا هەر لەکەناڵە عیلمانیەکان ژنان کارناکەن بەڵکو لایەنە ئایینەکانیش گەر بۆ مەنزەریش بێت ئەوا هانی ژنان دەدەن کە بوونی خۆیان بسەلمێنن، ئەمە هەر لەبەرئەوەنییە کە ژن وەك دیکۆرێك بەکاردێنن بەڵکو پەیدابوونی پسپۆڕی بەتوانایە لەناو ڕەگەزدا کە خۆی دەتوانێ کارەکانی وەك ڕەگەزی هاوشانی بەڕێکی و سەرکەوتوویی ئەنجام بدات، زۆرجاران باشتریش لەوە لێرە دووبارەی دەکەمەوە کەخەریکە ڕۆژنامەوانی وەك پیشە دروست بێت و پاڵپشتێکی ماددی لەدواوەیە.

4-حەزوری ژنان ئەگەر بەڕێژەیەکی کەم هەبوبێت لەزووودا هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەپیاوان کاری ڕۆژنامەوانیان دابەشکردبوو، تاکە ئەرکێك کەبۆ ژنانیان جێهێشتبوو خەریکبوون بەوگۆڤارو بڵاوکراوانەی کە تایبەت بوون بەکێشەی ژن بەواتایەکی تر بازنان لەئۆرگانێکی خۆیاندا باس لەگیروگرفتەکانیان بکەن ئەوی تریش بۆ پیاوان جێبێڵن.

5-بوونی ژن لەڕۆژنامەوانیدا بەستراوەتەوە بەبوونی سیستەمی سەربەخۆیی ڕاگەیاندنی کوردی بەئازادی ناوچەکەی، ئازادی ڕادەربڕین، بەکۆمەڵی مەدەنیی کە ئەمڕۆ لای خۆمان زۆر قسەی لەسەردەکرێت.

لەکۆتاییدا دەڵێم ئەمڕۆ ژنی کورد حزوری هەیە، نەك غیاب، ڕۆژ بەڕۆژ سەنگ و قورسایی زیاد دەکات، شانبەشانی پیاو بوونی خۆی دەسەلمێنێ نەك لەڕوانگەی بەزەیی هاتنەوەو تەنها بۆ ڕەنگکردنی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، کەناڵەکانی تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، بەڵکو لەبەر بەهرەو توانای خۆیان کە کەس ناتوانێ و بۆی نییە ئەم هەموو هێزە لەبەرچاو نەگرێت، گوێی لێنەگرێت، ڕێگەی لێبگرێت تابەشداری نەکات، ئەمڕۆ دەبێت قسە لەسەر ڕێژەی حزوری ئایندەی ژنان بکەین کە دڵنیام بەشێکی گەورەی ئایندەی سیستەمی میدیا بۆ ئەوانە.



مۆفەق دەرگەڵەیی:

**لەزووودا پیاوان کاری ڕۆژنامەوانییان دابەشکردبوو، تاکە ئەرکێك کە بۆ ژنانیان جێهێشتبوو خەریکبوون بەو گۆڤارو بڵاوکراوانەی کە تایبەت بوون بەکێشەی ژن.**

# کێشەکانی توندوتیژیی دژی ژنان

وەرگێڕانی لەفارسییەوە/ ئازاد سەوزە

توندوتیژیی دژی ژنان بەشێوازی جیاواز هەیە کە بریتیە لەتوندوتیژییەکانی ناومال (خێزانداریی)، دەستدرێژیی، کڕین وفرۆشتنی کچان وژنان، لەشفرۆشی بەزۆر، توندوتیژییەکانی بەرئەنجامی جەنگ وەکو، کوشتن، دەستدرێژیی سیستماتیکی، کویلەیی جنسی و سکپڕیی بەزۆر، هەروەها چەندین جۆری توندوتیژیی وەکو کوشتن بۆ بەرگریی لەئابڕوو، توندوتیژیی ئامادەکاری جیازی بووك، کوشتنی کچی کۆرپە، هەڵبژاردنی ڕەگەزی کۆرپە، خەتەنەی کچان و کردەوەی کۆن و نەریتی زیانبەخشی تر.

لەبەیاننامەی نەهێشتنی توندوتیژیی دژی ژنان کە لەکۆبوونەوەی مەجمەعی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سالی 1993 بڕیاری لێدراوە مەسەلەی توندوتیژیی دژی ژنان وەکو توندوتیژیی دژی مرۆڤایەتی و جۆرێك تاوان دژی ژنان پەسەندکرا.

پەیڕەوو پرۆگرامێك کە لەکۆنفرانسی جیهانیی ژنان سالی 1995 لەشاری پەکین بڕیاری لەسەردرا، مەسەلەی توندوتیژیی دژی ژنان وەکو یەکێك لەو دوانزە قەیرانە خرایە بەر لێکۆڵینەوە کە پێویستیان بە لالێکردنەوەی تایبەتی حکومەتەکان و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ئەنجومەنەکان هەیە.

لەدرێژەی 42 هەمین کۆبوونەوەی کۆمسیونی نەتەوە یەکگرتوەکان کە لەسالی 1998 سازکرا پێشنیازکرا کە بەرنامەی داهێنەرانە لەلایەن ئەندامان و ئەنجومەنەکانی نێونەتەوەیی ئەنجامبدرێت بۆ کۆتاییهێنان بەتوندوتیژیی دژی ژنان، لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا چەندین بریار بۆ پشتیوانی لەریکخراوە ناحکومییەکان بەمجۆرە وەرگیرا:-

-خەبات دژی کڕین وفرۆشتنی ژنان وکچان بەهەرجۆریك کە ببیت.

-هاندان و پشتیوانی لەمافەکانی کریکارانی پەنابەر بەتایبەت ژنان ومنالان.

-هاندان و لیکۆلینەوەی هاوئاهەنگ دەربارەی توندوتیژیی دژی ژنان.

### وەلامی ئەنجومەنەکانی نیونەتەوەیی

لەکاتی سازدانی (کۆنفرانسی پەکین)ەوە هەنگاوی گرنگ بۆ نەهیشتن و خەبات دژی توندوتیژیی دژی ژنان هەلگیراوە لەگشت کۆمەلە نیونەتەوەییەکاندا.

*ڕەزامەندینامەی کە لەسەر بنچینەی پەیماننامەی نەهێشتنی تەواوی جۆرەکانی توندوتیژیی دژی ژنان لەکۆمەڵی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان (6/ ئوکتوبەر/ 1999) بڕیاری لێدراوە، ئەمە ماف دەدات بەژنان کە بۆ خەبات دژی توندوتیژیی دژی مافە مرۆییەکانی ژنان لەوانە توندوتیژیی دژی ژنان بەمەبەستی پێشگیریی لەتاوانکاریی، لەکۆمەڵەی گشتی لەسالی 1997 بڕیاری لێدراوە.

*لەدەستوری دادگای تاوانی نێونەتەوەیی کە لەکانونی دووەم 1998 بڕیاری لەسەر درا ئاماژە کراوە بەمەسەلەی توندوتیژییەکانی ڕەگەزیی هەروەك چۆن لەیوگسلاڤیا و ڕواندا ڕویداوە.

*ڕەشنووسی پەیماننامەیەکی نوێ کە لەسەر بنچینەی ناوەڕۆکی پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی تاوانە ڕێکخراو پیلانیەکان داڕێژراوە، سەرنجی خۆی خستووەتە سەر کردەوە نامرۆڤانەکانی کڕین وفرۆشتنی مرۆڤەکان بەتایبەت ژنان ومنالان.

### توندوتیژیی خێزانیی

توندوتیژیی خێزانیی (ناومال) بەتایبەت لێدان و زامدارکردنی ژن لەلایەن مێردەوە، دیارترین جۆری توندوتیژییە دژی ژنان، لەو ولاتانەی لێکۆلینەوەی هەمەجۆرو گرنگ سەبارەت بەتوندوتیژیی ڕەگەزی بوونی هەیە ڕاگەیەنراوە کە زیاتر 20٪ی ژنان لەلایەن مێردەکانیانەوە ڕەفتاری خراپیان لەگەڵ دەکرێت، بەپێی هەوالی بانکی زانیاری جیهانیی دەستدرێژیی و توندوتیژییەکانی خێزانیی زیاتر لەنەخۆشییەکانی شێرپەنجەی مەمك، شێرپەنجەی منالدان، منالبوونی بەئازار، شەڕو ڕوداوەکان هۆکاری زیانگەیاندنە بەتەندروستی ژنانی تەمەن (15-44) سالە.

لەوەلامی دەستوری کاری کۆنفرانسی بریار لێدراوی پەکین، ولاتانی ئەندام لەڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەنجومەنەکانی نێونەتەوەیی ڕێگەی کاریگەرتریان بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی توندوتیژییەکانی خێزانیی دۆزیوەتەوە.

*زۆرێك لەولاتان یاسایان داناوە کە توندوتیژیی هاوسەران دەبێت وەکو توندوتیژیی بێگانەکان سزابدرێت، لەسوید کارێکی لەوجۆرە وەکو توندوتیژیی دژی ژنان پەسەندکراوەو سزاکانی دانراو بۆ ئەو ڕەفتارە زیاترە لەسزای کەسانی بێگانە.

*پۆڵەندا، بیلاروس، یۆنان، مەجەر، مەکسیك، پرتوگال و دورگەی سیشل بۆ یەکەمین جار توندوتیژییەکانی سێکسی مێردەکانیان وەکو تاوان ناساند.

*لە سریلانکا، سندوقی پاراستنی مافەکانی منالان (یونسێف) لەگەڵ ناوەندەکان و ڕێکخراوەکانی ناحکومیی هاوکارییان کردووە تاکو لەڕێگەی خوێندنی گشتییەوە کە ڕاگەیاندنەکان و تاقیگەکان ئەنجامیدەدەن سەرنجی دادگاکان و مافناسان بۆ کێشەکانی منالان ڕابکێشن.

*ولاتانی وەکو برونێی و جەزائیر لەبەریوەبەریتیەکانی پۆلیسی خۆیاندا بەشیکیان کردۆتەوە بەناوی بەشی توندوتیژییەکانی خیزانیی (ناومال).

*ئایسلەندا پرۆژەیەکی دووسالەی داهیناوە بەئامانجی فیرکردنی پیاوانی توندوتیژ وەکو پیاوانی لیپرسراوی خیزان، ئەم پرۆژەیە بریتیە لەبەرنامەیەکی ڕۆژانە کە لەلایەن خاچی سوری ئایسلەنداوە رینمایی دەکریت و لەکۆتایی پرۆژەکەدا هەلدەسەنگینریت.

### کڕین و فرۆشتنی ژنان ومنالان

بەپیی ڕاگەیاندنی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆچ (IOM)، کڕین و فرۆشتنی ژنان وکچان کە زۆربەی کات بەئامانجی سێکسی ئەنجامدەدرێت، سالانە نزیکەی (8) ملیارد دۆلار داهاتی هەیەو ئەو قازانجە گەورەی کە تاوانکارانی ئەم ئیشە بەدەستی دەهێنن، هۆکاری زیادبوونی تاوانە ڕێکخراوەکانی ئەم دانوستانەیەو ئەمەش بۆ هەڕەشەیەکی جیهانیی گۆڕدراوە.

ژنان وکچانی هەژار، بەهۆی نەبوونی دارایی و هەلومەرجی خراپی ئابووریی ئامانجی بنچینەیی ئەم گروپەن، هەندێك لەو ژنانە بۆ دەستکەوتی داهاتی زیاترو هەلاتن لەهەژاریی لەگەڵ ئەم گروپە هاوکاریی دەکەن، ژنانی تریش بەپێچەوانەی خواستی ناخی خۆیانەوە، ناچاری لەشفرۆشی دەبن.

بۆ خەبات دژی ئەم هەلومەرجە:-

*فلپین بەهاوکاریی ئەنجومەکانی دەولەت و دەولەتانی تریش بەرنامەیەکیان داناوە کە ئامانجی ئەم بەرنامەیە فێرکردن و گەشەپێدانی چەند شێوازێکی خەباتە دژی کڕین وفرۆشتنی ژنان ومنالانە.

*پۆلیسی لیتوانیا بەمەبەستی خەبات دژی تاوانە داڕێژراوەکان، بەشێکی بەناوی بەشی خەبات دژی دانووستان و مامەڵە بەمرۆڤەکانەوە دامەزراندووە.

*ولاتی چین یاسایەکی تاوانکاریی ولاتی خۆی گۆڕیووە بەمەبەستی سەیرکردنی مەسەلەی دزینی ژنان ومنالان و ناچارکردنیان بەلەشفرۆشی.

*میانمار هەشت مەلبەندی فێرکردنی پیشەیی بۆ ژنان وکچان دامەزراندووە تاکو پێشگیریی لەکڕین و فرۆشتنی ژنان وکچان بکات.

*هۆلەندا گروپێکی میللی دامەزراندووە تاکو زانیاریی پێویست سەبارەت بەکڕین وفرۆشتنی ژنان و شێوازی پێشگیریی لەو تاوانە کۆبکەنەوە.

*ئەلمانیا و فدراسیۆنی روسیا خولی فێرکردنیان بۆ قوربانیانی مەسەلەی کڕین وفرۆشتنی ژنان وکچان دامەزراندووە.

### خەتەنەکردنی کچان وژنان

بەپێی ڕاگەیاندنی سندوقی دانیشتوانی ڕێکخراوی نەتەوەکان (UNFPA) ئامارەکرێت کە لەنێوان (85-114) ملیۆن ژن وکچ کە زیاتر لەئەفریقا، خۆرهەلاتی ناوەڕاست و ئاسیا دەژین، کەوتوونەتە ژێرکردەی خەتەنەکردن، کرداری خەتەنەی کچان، پێشهاتی ماوەکورت و ماوە درێژی هەیە، لەماوە کورتدا دەبێتە هۆی ئیلتهابات و مردنی کچان، لەتووشبوونی ماوەدرێژدا دەبێتە هۆی کێشە لەمەسەلەی منالبوون و زیادبوونی ئامادەیی تووشبوون بەنەخۆشی ئایدز، لەگەڵ فەرهەنگیکی لەوجۆرە پیاوان خۆپاریزیی دەکەن لەهاوسەریگرتن لەگەڵ ئەو کچ وژنانەی خەتەنەکراون و ئەو ژن وکچانەی بۆ پیکهینانی ژیانی خیزانی تەندروست بەشیاو نازانن، لەکاتی بەستنی کۆنفرانسی پەکین، ئەم دەستپیشکەرییانەی خوارەوە دژی خەتەنەی کچان ئەنجامدراوە:-

*ریکخراوی تەندروستی جیهانیی (WHO) بەمەبەستی راکیشانی سەرنج و ڕەزامەندیی پەرستاران و مامانەکانی ناوچەکانی ئەفریقا و خۆرهەلاتی ناوەراست و داخوازیی هاوکارییەکانیان چەندین خولی فیرکردن و تاقیگەیی تایبەتی بۆ زیاتربوونی ئاگایی پەرستاران و مامانەکان دەربارەی مەترسیی خەتەنە دامەزراندووە.

*تەنزانیا یەکیکە لەو دەولاتانەی کە خەتەنە تییدا بەزۆری رەواجی هەیە، چەند یاسایەك بۆ پیشگیریی لەو کردارە بریاری لیدراوە، سزاکانیش بەسزادانی پارەو زیندانی کردن دەبیت، (9) ولاتەکەی دیکەش کە یاسای لەوجۆرەیان داناوە بریتین لە ولاتەکانی (بورکینا فاسۆ، کۆماری ئەفریقای ناوەندیی، جیبۆتی، غینیا، گینەبیساو، سەنیگال، تۆگۆ، کات دییاڤور، میسر).

*ولاتەکانی ئوسترالیا، کەنەدا، هۆلەندا، بەریتانیا، ئەمریکا کە پەنابەرانی ولاتانی ئەفریقا و ئاسیایان تیدایە یاسای هاوشیوەیان بۆ پیشگیریی و نەهیشتنی کرداری خەتەنە بریار لیداوە.

*نایجیریا مەلبەندیکی تایبەتی بۆ چاکسازیی و توانا بەخشین بەو ژنانەی زوو شویانکردووەو کەوتوونەتە ژیر کرداری خەتەنەوە دامەزراندووە.



### سەرچاوەی وەرگیری فارسی:

ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

وەرگیرانی بۆ فارسی: مەعسومە پیروز بەخت.

### سەرچاوە:

ڕۆژنامەی فارسی همشهری ژمارە 2321